# له كوردستان
# كۆنفرانسی رۆلی زانكۆكان
# لەدروستكردنی ئاشتی دەبەستریٚ··




لەرۆژی ٢٠٠٧/٨/٣٠ لەنوسینگەی تایبەتی خۆی بەرێز د·شوان محەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤی حكومەتی هەرێمی كوردستان پێشوازی لە خاتوو (كارین) لێپرسراوی بەرنامەكانی رێكخراوی N.P.A/ی نەرویژی و سۆران قادر لێپرسراوی ئۆفیسی رێكخراوەكە لەسلێمانی كرد·

لەم دیدارەدا وەفدی میوان كارنامەیەكی رێكخراوەكەیان خستە بەردەم وەزیری مافی مرۆڤ كەبڕیارە لەپایزی ٢٠٠٨ ئەم رێكخراوە دوای ئەوەی بۆماوەی دوو ساڵ رۆلێكی خوێندنی بۆ ژمارەیەك خوێندكاری كوردستانی و عێراقی لەسلێمانی كردووە دەربارەی ئاشتەوای و زیاتر تەوەرەكانی مافەكانی مرۆڤ و تێگەیشتن لە فرە كەلتوری و چارەسەری ئاشتیانەی كێشەكان و مافی مرۆڤ لەگەڵ قەیرانەكانداو لەكاتی پشێویداری تیا خوێندرا كۆنفرانسێكی فراوان بەناوی (رۆلی زانكۆكانی كوردستان و عێراق لە دروستكردنی ئاشتی) لەپارێزگای سلێمانی رێكبخات و ئامانجی ئەم كۆنفرانسەش بریتی دەبیٚ لە هاندانی ئەكادیمیەكان و خوێندكاران بۆ دروستكردنی لێكۆڵینەوەو توێژینەوە لەسەر ئاشتی و نەهێشتنی جیاوازی ئەتنیكی و رەگەزی لەم توێژینەوانەدا و هەروەها دیراسەكردنی پێویستیە سەرەتاییەكانی ئاشتی و بەهێزكردنی كۆمەلگای مەدەنی تایبەت بەو رێكخراوانەی كە كاربۆ ئاشتی دەكەن·

خاتوو (کارین)ئەوەشی راگەیاند کە سەرۆك تاڵەبانی بینیوەو پشتیوانی لەپڕۆژەکەی کردووەو ئێستا لەمیانی هەردوو وەزارەتی مافی مرۆڤ و خوێندنی باڵا داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات کە هەمان پشتیوانی بکەن،چونکە کۆنفرانسەکە پەیوەندی راستەوخۆی بەپلانی ئەم دوو وەزارەتەوە هەیە٠٠

لەبەرامبەردا وەزیری مافی مرۆڤ دەستخۆشی لە کارەکانی ئەم رێکخراوە کردو بڕیاریشیدا کە پڕۆژەکە بەووردی دیراسەبکات و لەئایندەیەکی نزیکدا وەڵامیان بداتەوە٠

لەم کۆبوونەوەدا بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەت ئامادەبوو٠

